Wheatley Group

# ڕێنمایی بۆ کەمکردنەوەی شێداری لە ماڵەکەتدا



Wheatley Group

باشترکردنی ماڵ و ژیان

# خەستبوونەوە (شێداری) چییە؟

خەستبوونەوە کاتێک روودەدات کە هەوای گەرم و شێدار بەر ڕوویەکی سارد بکەوێت وەک پەنجەرە، ئاوێنە یان دیوارێک و، دەبێتە هۆی درووستبوونی دڵۆپەی ئاو. خەستبوونەوە لەو ژوورانە زیاتر روودەدات کە شێیەکی زۆریان تێدایە وەک مەتبەخ، حەمام و ژووری نووستن.

مەترسی خەستبوونەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی چەندێک هەواکە شێدارە و هەروەها رووکاری ژوورەکە چەند واردە. چۆنیەتی هەواگۆڕکێ و گەرمکردنی ماڵەکەت کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی شێداری.

هەندێک ڕێنماییمان هەیە کە دەتوانی جێبەجێی بکەیت بۆ کەمکردنەوەی شێداری/ خەستبوونەوە. ئێمە دەزانین دەکرێ خەرجی گەمکردنی ماڵەکەت قورس بێت بۆت، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، بەڵام ئەگەر دەتوانیت ئەوا هەندێک لەم خاڵانە جێبەجێ بکە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی دروستبوونی کەڕوو.

**ئەگەر نیگەرانیت دەربارەی حاڵەتی خەستبوونەوە لە ماڵەکەتدا، تکایە یەکسەر پەیوەندیمان پێوەبکە. ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدانت**

چەند ڕێنماییەک بۆ کەمکردنەوەی خەستبوونەوە.

**لە دەوری ماڵ:**

- کردنەوەی دەسکەکانی پەنجەرە- ئەمە ڕێژەی شێ کەم دەکاتەوە؛
- لە کاتی وشککردنەوەی جلوبەرگ لە ماڵەوە پەنجەرەکان بکەرەوە
- ئەگەر دەتوانیت پلەی گەرمی ژوور لە سەروو 15ـی سیلیزی رابگرە؛
- ئەگەر ئامێرێکی وشککەرەوەی جلوبەرگت هەیە، تکایە دڵنیابەوە بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کۆمپانیای دروستکەر هەواگۆڕکێ دەکات؛
- هەوڵبدە بۆشاییەک لە نێوان دیوار و قەنەفەدا بهێڵیتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی هەواگۆڕکێ هەبێت؛
- شێدارییەکان لە پەنجەرە و بنکی پەنجەرەکاندا لەکاتی پێویستدا بسڕە؛ هەروەها
- ئەگەر هەوادەرکەرتان هەیە (ساحیبە)، دڵنیابەرەوە لەوەی بە باشی کاردەکات - دەتوانی ئەمە بزانیت بە راگرتنی پارچەیەک کاغەز لەبەردەمیدا.

**له چێشتخانەدا:**

- له کاتی چێشتلێناندا سەری قاپ و تاوە بنێرەوە؛
- ئەگەر هەوادەرکەرتان هەیە (ساحیبە) ئەوا ئیشی پێبکە؛
- له کاتی چێشتلێناندا دەرگای چێشتخانە دابخە؛ هەروەها
- له کاتی چێشتلێناندا پەنجەرە بکەرەوە.

**له حەمامدا:**

- له کاتی خۆششتن بە گەرماو یان بەکارهێنانی حەمام و دووش دەرگا دابخە؛
- ئەگەر هەوادەرکەرتان هەیە (ساحیبە) ئەوا ئیشی پێبکە؛
- له کاتی بەکارهێنانی گەرماوی حەمامدا، سەرەتا ئاوی ساردی تێبکە؛
- دوای بەکارهێنانی گەرماو یان دووش پەنجەرە بکەرەوە؛ هەروەها
- لەکاتی پێویستدا شێداری پەنجەرە و بنکی پەنجەرە و کاشییەکان بسڕە.

**لەم شتانە خۆت بەدووربگرە:**

- وشککردنەوەی جلوبەرگ لەسەر رادێتەری گەرمکەرەوە؛ هەروەها
- داخستنی کون و تاقی هەواگۆڕکێ له ماڵەکەتدا.

**ئەگەر له ماڵەکەتدا نیشانەی کەڕوو/ شێداری دەبینیت، تکایە یەکسەر پەیوەندیمان پێوە بکە.**

# ئێمە هەمیشە لێرەین بۆ تۆ

ئەگەر لە ماڵەکەتدا نیشانەی کەڕوو/شێداری دەبینیت، تکایە یەکسەر پەیوەندیمان پێوە بکە.

ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدان بەدرێژایی ڕۆژ، هەموو رۆژێک.

- Wheatley Homes Glasgow - 0800 479 7979
- Loretto Housing - 0800 952 9292
- Lowther - 0800 561 6666.

**خەمی پارەتە؟**
ئێمە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هاوکاریمان هەیە بۆ یارمەتیدان ئەگەر خەمت هەیە دەربارەی پارە و قەرز و بودجە. ستافە دڵسۆز و یارمەتیدەرەکەمان لەسەر هێڵن بۆ دابینکردنی پشتیوانی و ڕێنمایی بەبێ گوێدان بە بارودۆخەکەت.

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی زیاترە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە. **لەبیرت بێت، ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدان.**

**ئێمە وەرگێرانت بۆ دابیندەکەین**
دەتوانین زانیارییەکان بە فۆنتی گەورەتر، شێوازی برایەل و دەنگی دابینبکەین. پەیوەندیمان پێوە بکە یان قسە لەگەڵ ئۆفیسەری خانووبەرەت بکە.

WG/FLYCONDEN/FEB24/102849